# دەوڵەتی کوردستان

## (بۆچوونی جیاواز)

ئامادەکردنی

**گوڵباخ بەهرامی**

چاپی یەکەم

2015



پەرویز رەحیم قادر
ماموستای زانستە سیاسییەکان

## پەرویز رەحیم قادر:
## دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، کاریگەری ئەرێنی لەسەر داهاتووی پرسی دیموکراسی و ئاسایش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەبێت

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەر، یەکەم تایبەتە بە کورد خۆی و دووهەم بۆ بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکە کە کوردیان بەسەر دابەشکراوە.

ئەوەی پەیوەستە بە کورد، خۆی لە نەبوونی هێز بە گشتی "هێز بە مانا سیاسییەکەی کە هەردوو رەهەندی ماددی و مانایی دەگرێتەوە" دەبینێتەوە، بۆ ئەوەی کورد بتوانێت ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە شانۆی سیاسەتی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و بتوانێت لە بەرژەوەندی خۆی سوود لە گۆڕانکارییەکان ببینی و لەم هاوسەنگییە نوێیەدا بتوانێت پرۆژەی نەتەوەیی خۆی کە بریتییە لە پێکهێنانی کیانی سەربەخۆ "دەولەت- نەتەوە" بگەینێتە ئەنجام بەم مانایە کە قۆناغی نەتەوە، دەوڵەت سازی تێپەڕێنێت.

هۆکارەکانی ئەمەش زۆرن کە خۆی لە مێژوو و کولتوور بەتایبەت کولتووری سیاسی